# پۆل ریکۆر:
# تەماشاکردنی زمان وەك ئامراز ترسناکترین شتێکە
# کە دەشێ رووبەرووی رۆشنبیریمان بێتەوە

و: عەبدولموتەلیب عەبدوڵلا

بەشی یەکەم

پۆل ریکۆر لە (27)ی فبرایەری ساڵی (1913) لە شاری فالنسای فەرەنسادا لە دایک بووە، تەمەنی نەگەیشتۆتە دوو ساڵان باوکی وەفاتی کردووە. پۆل ریکۆر سەرەتا لە دواناوەندی (رانس) لە سەر دەستی مامۆستای گەورە (رۆلان دلبیز) دەستی بە خوێندنی فەلسەفە کردووە، پاشان لەگەڵ هەر یەك لە هاورێیانی (گابریل مارسیل و ئیمانوێل مۆنییە) درێژەی بە خوێندنی فەلسەفە داوە. دوای دەرچوونی لە قوتابخانە لە جەنگی جیهانی دووەم نێوان ساڵانی (1937-1945) بەشدار بووە، هەر لە بەر هەندێش لە ساڵی (1940) بۆ (مۆرانیا) دووریان خستۆتەوەو لەوێوە زیندانیان کردووە، پاشان دوای ئازاد کردنی پەیوەندی بە (پەیمانگەی نیشتمانی بۆ توێژینەوە کۆمەڵایەتییەکان-cnrs) کردووەو تاکو ساڵی (1948) بەردەوام بووە. لە ساڵی (1950) دکتۆرای لە ئەدەب بە دەست هێناوە، پاشان دکتۆرای لە تیۆلۆژیا بە دەست هێناوە.. وەك چۆن بەر لەوەی پەیوەندی بە زانکۆکانی ستراسبۆرگ، سۆربۆن، ناتیرا، دواجار شیکاگۆوە بکات، لە دامەزراوەکانی دواناوەندی پرۆسیسەی وانە گوتنەوەی کردووە. سەرەڕای ئەوەش لە زانکۆی (ناتیرا) وەك راگری کۆلیژ دەست بەکار بووە، هەر وەك بەڕێوەبەری گۆڤاری (میتافیزیکا و ئەخلاق) بووە، هەروەها سەرۆکی پەیمانگای نێو دەوڵەتی بۆ فەلسەفە بووە، جگە لەوەش سەرۆکی بنکەی توێژینەوەی فینۆمینۆلۆژیا و هیرمینۆتیکا سەر بە (cnrs) بووە، وەك چۆن زۆر بە ئیمانێکی پتەو و ئەکتیڤانە بەشداری لە ژیانی فەلسەفی و ئایینی و رۆشنبیری و سیاسی زەمانەکەی خۆی کردووە.

دوای کۆمەڵێك کار لە سەر هەر یەك لە فینۆمینۆلۆژیای (هۆسرەل) و وجودییەتی (جابیریل مارسیل) و (کارل یاسبرز) هەوڵیداوە چەمکی (توانای نزیکبوونەوە لە هەڵە) لە بەشی دووەمی (فەلسەفەی ویست) دیاری بکات، وەك چۆن لە بەشی یەکەمی قسەی لە مەسەلەی ئیرادی و نائیرادی کردووە، بەڵام لە بەشی سێیەم لێکدانەوەی بۆ رەمزییەتی شەڕ کردووەو لە راڤەکردنی ئەفسانەکانەوە رەمزییەتی سەرەتایی لە هەر یەك لە توانا، یان شیانی و هەڵە، یان گوناهدا دەخاتە روو، هەروەها پێیوایە هەمیشە رەمز شتێکی تەنکەو مانای ناوەکی ئاشکرا دەکات، راستە (مارکس) وەك راستییەکی ساختە و نادروست مامەڵە لەگەڵ رەمز دەکات، بەڵام ریکۆر پێیوایە مانای رووکەش و یەکەم و حەرفی مانایەکی ساختە نییە، بەڵکو تاکە هۆکارێکی گەیشتنە بە مانای ناوەکی، بەمجۆرە ریکۆر دێت لە رەمزەوە دەست پێدەکات و پێیوایە پرۆسەی تەفسیرکردن بریتییە لە کردنەوەی کۆدی مانای ناوەکی لە نێو مانای رووکەشدا و پاشان ئاشکرا کردنی ئاستەکانی مانا کە دەکەونە نێو مانای حەرفییەوە، هەروەها ریکۆر تێگەیشتنی بونیادگەرانە بۆ زمان رەت دەکاتەوە بەو پێیەی کە زمان لەو تێگەیشتنەدا تەعبیرکردنە لە سیستەمێکی داخراوی پەیوەندییەکان و دەلالەت لە شتێکی دەرەوەی خۆی ناکات ئەوەشی لە رێگە شیکردنەوەکانی دەروون، زمان، هیرمینۆتیکا و کێشەکانی مێژوو و حەقیقەتی مێژوونووس و سیاسەت و پەروەردە و ئایین خستۆتە روو.

بە مانایەکی دیکە (ریکۆر) لە هیرمینۆتیکای رەمز و ئەفسانەوە دەستی پێکردووە و پاشان بەرەو هیرمینۆتیکای دەق هەنگاوی ناوەو دواجار بەرەو هیرمینۆتیکای کردە بۆتەوە، تا گەیشتۆتە ئەخلاق و ئەو سیاسەتەی کە توانای بەرپەچدانەوەو رەخنەگرتنی ئەو بوونەوەرە کلۆڵەی هەیە کە بە مرۆڤ ناودەبرێت... لەگەڵ ئەوەی کە پێیوایە مرۆڤ

بوونەوەرێکی لاواز و کلۆڵە، بەڵام لە توانایدایە ببێتە خاوەن هێز، ئەگەر توانی بە سەر تەگەرە بنەڕەتییەکەیدا زاڵ ببێت و بتوانێت خۆی بێت.

لە ڕێگەی کتێبی فەلسەفەی ئیرادە بۆمان دەردەکەوێت کە مرۆڤ لای (ریکۆر) هەر تەنها بوونەوەرێکی سادە نییە، بەڵکو بوونەوەرێکە بەردەوام ملکەچی ئیرادە و نائیرادەیە، بوونەوەرێکە هەرگیز لەگەڵ خودی خۆی هەڵناکات، بوونەوەرێکە بەردەوام قابیلەتی هەڵەی لێ ڕەچاو دەکرێت، ئەوەش ئەسڵی پوچەڵ و لاوازی مرۆڤمان بیر دەخاتەوە.

**پ/ زۆر جار ئەو پرسیارە تایبەتەی کە دەکەوێتە نێوان فەلسەفە و شیعر سەرقاڵم دەکات، پرسیارەکەم ئەوەیە: کاریگەری هەر یەک بەسەر ئەویدیکەدا چییە؟ هەر یەک چ سوودێک لەویدیکە وەردەگرێت؟ هەر یەکەیان بە چ مەودایەک پێچەوانەی ئاراستەی ئەویدیکە دێتەوە؟.**

-ریکۆر: یەکەم شت کە دەمەوێت جەختی لێبکەمەوە ئەوەیە کە بێ لایەنی ڕەهەندەکانی زمان و پارێزگاریکردن لە قوڵایی و بەرفرەوانکردنی زمان، بازێکی بە شیعر دا، ترسی یەکەم لە ڕۆشنبیریی ئێستامان خۆی لە کورتهێنانی زماندا هەڵدەگرێتەوە، زمانێک کە لە ڕووی گەیاندنەوە لە نزمترین ئاستدایە، خۆی هەر تەنها لە دیاریکردنی شتەکان و کەسەکاندا دەبینێتەوە. لێرەدا زمان تەنها دەبێتە ئامرازێک، تەماشاکردنی زمان وەک ئامراز ترسناکترین شتێکە کە دەشێ ڕووبەڕووی ڕۆشنبیریمان بێتەوە، بەمجۆرە زمانی زانست و تەکنۆلۆژیا تاکە نموونەیەکن کە ئێستا خۆمان بە خاوەنی دەزانین.

ئەمرۆ فەلسەفە لە یەکێک لە ئاراستەکانیدا بەمجۆرە زمان بەکار دەهێنێت، پێموایە یەکێک لەو کارە گرنگانەی کە پێویستە فەلسەفە خۆی پێوە خەریک بکات ئەوەیە پارێزگاری لەو بەکارهێنانە جۆراو جۆرانەی زمان بکات، ئەو مەسافە ڕەنگاو ڕەنگانەی کە دەکەوێتە نێوان ئەو بەکارهێنانانە نێوان زمانی گشتی (کە بەزمانی سیاسەت و زمانی زانستی و زمانی ئاسایی گوزەر دەکات بە زمانی شیعر کۆتایی دێت، بەو پێیە زمانی ئاسایی ordinary language دەکەوێتە نێوان زمانی شیعر لە لایەک و زمانی زانست لە لایەکی دیکەوە.

**پ/لێرەدا زمانی ئاسایی بەشێک لە داهێنانی پێیە، بە پێچەوانەی زمانی زانستی کە بۆ تاک دەنگی دەگەڕێتەوە، لەم بارەوە شیعر دەوڵەمەندترە چونکە پەیوەندی بە خەسڵەتی ئیبداعی زمانەوەیە.**

-ریکۆر: بەڵێ بە شێوەیەکی بنەڕەتی هەموو شێوەکانی زمان بە هۆی ئەو خەسڵەتە جیاوازەی زمانە سروشتیەکانەوەیە، لێرەدا من بەرامبەر زمانی دەستکرد لە زمانە سروشتیەکانەوە قسە دەکەم کە بۆ بەکارهێنانی تایبەت و لە بواری ئەلکترۆنی و سیبرنتیکا بونیاد نراوە، واتە ئەو زمانەی کە لە ڕۆشنبیریدا نیشتەجێیەو دەشێ لە نێو کۆمەڵگەی مرۆییدا بەکار بهێنرێت و قسەی پێبکرێت. یەکێک لە روخسارە سەرەکیەکانی ئەو زمانە فرە دەلالییە (polysemy) واتە وشەیەک زیاد لە مانایەک دەبەخشێت، بە مانایەکی دیکە پەیوەندی نێوان وشەو مانا پەیوەندیەکی تاک ڕەهەندی نییە، ئەوە بۆ سەرچاوەی بەد حاڵی بوون دەگەڕێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا دەبێتە سەرچاوەی دەوڵەمەندی زمان، لەو حاڵەتەدا مرۆڤ دەتوانێت یاری بە ڕەهەندی ئەو مانایانە بکات کە بە تاکە وشەیەکەوە بەندن.

دەشێ بڵێین زمانی زانستی بە پێی پێویست هەوڵدەدا ئەو فرە ڕەهەندییەی دەلالەتەکان کەم بکاتەوە، واتە ئەو فرە ڕەهەندییەی دەنگ بەرەو تاک دەنگی بکاتەوە، بۆ ئەوەی وشەیەک یەک تاکە مەدلولی هەبێت. بەڵام بە پێچەوانەوە ئەرکی شیعر ئەوەیە وا لە وشە بکات زێترین توانای بۆ بەرهەمهێنانی دەلالەت تێدا بێت، پاشان شیعر هەوڵ نادات ئەو فرە دەنگییە فەرامۆش بکات، یان لە خۆی دوور بخاتەوە، بەڵکو هەوڵدەدا باشتر گرنگی پێبدات و دەلالەتەکانی

بەرجەستە بکات و وزەکانی پەرە پێبدات، بۆ ئەوەی زمان وا لێبکات تەواوی توانا و هێزی لە ئامادەباشی دەلالەتەکاندا هەڵگرێتەوە.

**پ/ ئایا ئەوە خەسڵەتی گەڕانەوەو بەرگریکردن بە شیعر دەبەخشێت؟**

-ریکۆر: بە دڵنیاییەوە، ئەوەش بەو مانایە دێت کە کورتکردنەوەی زمان لە پێناو وەزیفەو سوود، بەرەو بەرگریکردنێکی تووندمان دەکاتەوە کە شیعر خۆی لە سەر راناوە.. نیچە ئەو کەسە بوو کە ئاماژەی بەو **کەمکردنەوەیە** داوەو وەک ترسێک تەماشای دەکات کە دەستی بە سەر بەکارهێنانی زماندا گرتووە، نەک هێندە بەڵکو دەستی بە سەر ئاخاوتنی ئاسایدا گرتووە کاتێک کە زمان لە تەنها چەند وشەیەکی دیاریکراودا کورت دەکەنەوە ئیتر لە پڕشنگە شیعرییەکەی بەتاڵی دەکەنەوە، پڕشنگێک کە لە وشەکانەوە هەڵدەسێت.

لە راستیدا کورتکردنەوەو کەمکردنەوەی زمان لە جێ بە جێکردنی وەزیفەیەکی دیاریکراو و جێ بەجێکردنی تاکە مانایەکی دیاریکراودا وا لە ئاستی زمان دەکات سادە بکەوێتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەرە بەرە بەرز دەبێتەوە تا دەگاتە ئاستی زمانی زانستی، ئەوەش وەک پێویست بەرەو وەڵامی پرسیارەکەی تۆمان دەکاتەوە کە ئایا شیعر لە سەر ئەو بەکارهێنانە سوود بەخشانەی زمان راهاتووەو لەگەڵ وزەو تواناکانی خۆی بەو شێوە بەدە رەفتار دەکات.

**پ/پێتوایە خەڵکی لە شیعر دەترسن، یان بەرەنگاری دەبنەوە لەوەی کە جۆرێک لە یاخی بوونی تێدایە؟.**

-ریکۆر: بەڵێ بەرەنگاری دەکەن، لە بەر کۆمەڵێک هۆکاری جۆراو جۆر: هەندێکیان باشن و هەندێکیان خراپ، خراپەکەیان لەودا دەردەکەوێت کە ئەوان لە بەهای بەکاربردنی شیعرییانەی زمان تێناگەن، چونکە ئەو رووەی زمان کە بۆ ئەوان دەرکەوتووە بەکار بردنێتی لەخودی خۆیدا.. بەڵام سەرنج بدە شیعری نوێ تا رادەیەکی زۆر قورس بووە، چونکە پێویستە لە سەری تا زمان دەتوانێت بەرامبەر هەموو شێوە ئاسانکارییەکانی زمان رابیێتەوە، هەروەها بە مەبەستی نوێکردنەوە تا قوڵاییە دوورەکان هەڵکۆڵین لە زماندا بکات. بۆیە شیعری نوێ بە شێوەیەکی جزئی دەبوایە زەحمەت بکەوێتەوە، چونکە بە زۆری بە دووبارە دروستکردنەوەی پێکهاتەی زمانەوانیەوە بەندە، تەنانەت هەندێک جاریش بە دووبارە خەڵقکردنی وشەش هەڵدەسێت، ئەوەش بۆ دووبارە گێڕانەوەی وشەکان بۆ سەر بنەڕەتە دەلالییەکانی یەکەمیان دەگەڕێتەوە، یان بۆ خەڵقکردنی رستێک دەلالەتی خەیاڵکراو دەگەڕێتەوە.

ئەوەی کە شیعر ئەنجامی دەدات هاریکاریکردنی فەیلەسوفانە، چونکە فەلسەفە سەرەڕای گرنگیدانی بە فۆرمەلەکردنی گوتار لە بارە زانستیەکەیەوە لە پەیوەندی نێوان مرۆڤ و جیهان، مرۆڤ و خود، مرۆڤ و ئەوانیدی کە بایەخیش بە کەشفکردنی قوڵاییەکانی زمان و پەنا بردنە بەر زمان دەدات..بۆیە فەیلەسوفیش پێویستی بە وشەگەلی زمان هەیە.

لێرەدا من ئەو قسەیەی (هایدگەر) وەبیر دەهێنمەوە کە دەڵێت: پەیوەندییە پێشنییەکان پێویستیان بە وشەگەلێک هەبوو بۆ ئەوەی گوزارشتی پێبکەن، یەکێک لە ئەرکەکانی شاعیریش ئەوەیە کە بتوانێت وشەکان لەو پەیوەندییە کۆنە رزگار بکات و سنووری دەلالەتەکان بەرفرەوانتر بکاتەوە، بەو مانایەش فەیلەسوف بۆ زیاد کردن و فرە کردنی وزەی مانا کە زمانەکەمانی لەخۆ گرتووە پشت بە توانای شیعری دەبەستێت.

**پ/ بەڵام جەختت لەوە کردەوە کە خەڵکی رەنگە مافی خۆیان بێت بەرەنگاری شیعر ببنەوە.**

-ریکۆر: دەتوانم ئەو هۆکارانە تێبگەم کە پشتی پێدەبەستن، چونکە خوێندنەوە -بە بۆچوونی من- گرێبەندییەکە، خوێنەر ناتوانێت بە گرێبەندییەکی دیکەی نوێ بیگۆڕێت، ئەگەر هاتوو وشەکان و پێکهاتەکان و ناوکۆیی فیکری لە بەر دەستی خوێنەر دوور بوو، لەم حاڵەتەدا خوێنەر دووچاری نائومێدی دەبێت و لە گەیشتن بەرەو ئەو مانایەی کە دانەر

داوای دەکات کورتی دێنێت، ناتوانێـت هەڵوێـستی بەیەکگەیـشتن بـژەنێت بۆیـە لـەم حاڵەتـەدا دەکەوێتـە بـەدحاڵی بوونەوە.

**پ/ هەڵوێستەکە لێرەدا-وەك وێناتكرد- بە نیسبەت هەر دوو لاوە هەڵوێستێکی خراپە، شاعیر لە رابوونەوەی بەرامبەر زمانی تاك دەنگی پێویستە لە هەڵکۆڵینی زمان بە شێوەیەکی گەورەتر بەرەو قوڵایی بێتەوەو لە هەمان کاتیشدا –لـە بەرامبەر ئەو هەولانەی شاعیر- خوێنەریش زێتر هەست بە نائومێدی دەکات.**

-ریکۆر: لێرەدا نائومێدی خوێنەر بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ناتوانێت وزەکانی زمانی خۆی بـەرز بکاتـەوە، ئەگـەر بۆمـان بشێ بڵێن کە زمانی خوێنەر گـرژ دەبێتـەوە لـەم حاڵەتـەدا خوێنـەر ناتوانێـت بگاتـە ئـەو خاڵـەی کـە زمـانی شـاعیری پێگەیشتووە، ئەو فیکرەیە لە وێنەی دوو کەس دەچێت کەهەر یەك لەوان دەستی تەوقەکردن بۆ دەستەکەی دیکە درێژ دەکات بەڵام ناتوانێت تەوقە بکات.

**پ/ ئایا قسەکانت بەرەو ئەوەن کە دواجار نووسەر و خوێنەر لێکجیا دەبنەوەو دوو رێگەی جیا لە یەکتر دەگرنە بەر، بە تایبەتی ئەوەی پەیوەندی بە شاعیرەکانەوە هەیە، دەشێ چی بکرێت تاکو بە شێوەیەکی جیاواز ئـەو پەیوەندییـەی نێوانیان بگەڕێنێتەوە، ئەگەر ئەوەمان بە هەند هەڵگرت کە باسمان کرد لە بارەی پێویستی بوونی شیعر کە تێکرا رۆڵی لە دەوڵەمەند کردنی زمان و فرەیی دەلالەتەوە هەیە، ئایا لەم حاڵەتەدا چی پێویستە بکرێت؟.**

-ریکۆر: رەنگە شیعریش لە ئاستی خۆیدا بە شێوەیەك لە شێوەکان بە هەوڵێکەوە بەند بێـت کـە خـۆی لـە ململانێـی گەیانــدنی گوزارشــتێکی گونجــاودا دەبینێتــەوە، ئــەوەش وەك پێویــست دەکەوێتــە ســەر ئەزموونــە شــاراوەکانی مرۆڤایەتییەوە، ئەو ئەزموونانەی کە دەکەونە ژێر کۆی ژیانی ئاساییەوە.

لە لایەکی دیکەوە بۆ کەشفکردنی ئەو ئەزموون و ئەزموونە مرۆڤایەتیانەی کـە زمـانی سـوودگەرایی و زمـانی زانـستی لەناوی دەبات هەوڵی دیکە لە لایەن شاعیرەوە بەدی دەکەین. بەمجۆرە دەبینین شیعری ئەمڕۆ لە نێوان دوو پێداویستی بنەڕەتی شەتەك دراوە، لە لایەك هەوڵی دووبارە بونیادنانەوەی سیفەتێکی تەعبیری دەدات بۆ بەرجەستەکردنی ئـەو ئەزموونانــەی کــە جەوهــەری مرۆڤایــەتیان لــەخۆدا هــەڵگرتووە، وەکــو ژیــان و مەرگــ، هەســتکردن بــە تــاوان و خۆشەویستی.....هتد. لە لایەکی دیکە شیعر دەکەوێتە دابڕانی نێوان زمان و شتەکان، زمان و خۆی، تا وای لێدێت تەنها زمان دەبێتە بابەتی شیعر. بەمجۆرە شیعر خۆی لە نێوان ئەو دوو پێداویستییە بنەڕەتییە شەتەك دراوەوە دەبینێتـەوە: گێڕانەوەی ئەزموونە مرۆییەکان، ئەو ئەزموونانەی کە دەکەوێتە ژێر کۆی ژیانی ئاساییەوە، یـان هـەوڵی کەشـفکردنی تواناکانی تەجاوزکردنی ئەو زمانەی کە پەیوەندی بە ئەزموونـە مرۆییەکانـەوە نییـە، لێـرەدا ئـەرکی خوێنـەر قـوڕس دەبێت. ئەویش لە بەر ئەوەی خۆی لە شوێنێکدا دەبینێتەوە کە ناچـار نـەك هـەر بەرهەڵـستی سـنووردارێتی زمـان و وێکهاتنەوەی زمان بکات، بەڵکو ناچارە بەرهەڵستی قەناعەتە تایبەتیەکانی خۆیشی بکات بەوەی کە وەزیفەی زمان بریتییە لە ئامادەکردنەوەی هەموو ئەو شتە هاوبەشانەی کە لە نێوان شاعیر و خوێنەردایە.